فەرمان بە ئەبوبەکر بکەن پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کاتێک نەخۆشیەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تووندتر بوو، پرسیاری لێکرا سەبارەت بە پێشنوێژی کردن، ئەویش فەرمووی: «فەرمان بە ئەبوبەکر بکەن پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات»، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەبوبەکر پیاوێکی دڵنەرمە، ئەگەر قورئان بخوێنێت دەگری، بەڵام -صلى الله عليه وسلم- هەر فەرمووی: «فەرمانی پێبکەن با پێشنوێژی بکات». ولە گێڕانەوەیەکدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەگەر ئەبوبەکر لە شوێنی تۆ بوەستێت خەڵکی گوێیان لێنابێت بەهۆی گریانەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئازاری لاشەی زیاتر بوو نەیتوانی پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، بۆیە فەرمانیکرد بەوەی ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- پێشنوێژی بکات، وئەبوبەکر لە کاتی خوێندنی قورئاندا زۆرجار دەگریا، بۆیە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ویستی لەم ڕوانگەیەوە بیانووی بۆ بهێنێتەوە بۆ ئەوەی پێشنوێژی نەکات مەبەستی ئەوە نەبوو کە لە پێشنوێژیدا نابێت گریان هەبێت لە کاتی خوێندنی قورئاندا بەڵکو ترسا لەوەی خەڵکی بەهۆی ئەم گریانەی باوکیەوە تووشی ڕەشبینی وبێ هیوایی ببن، بۆیە -ڕەزای خوای لێبێت- شتێکی دەرخست کە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ناخیدا پێی خۆشە، ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا دەڵێت: (والله، هیچ شتێک ناڕەحەتم ناکات جگە لەوە نەبێت کە خەڵکی تووشی ڕەشبینی وبێ هیوایی ببن، چونکە یەکەم کەس دەبێت کە لە شوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەوەستێت)، دەڵێت: دوو یان سێ جار هەوڵمدا قەناعەتی پێبکەم، بەڵام هەر فەرمووی: (ليصل بالناس أبو بكر فإنكن صواحب يوسف) [رواه مسلم] واتە: (با ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، ئێوە وەکو ئەو ئافرەتانەن کە لە دەوروپشتی یوسف بوون)، مەبەست (لە ئافرەتانی دەوروپشتی یوسف) ئەوەیە کە ئەوان وەکو ئەو ئافرەتانەن لە دەرخستنی شتێک کە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ناخیاندایە، ئەگەرچیش دەستەواژی (ئێوە) بەکارهێنراوە بەڵام لێرەدا تەنها مەبەست عائیشەیە، ومەبەستی لە (ئافرەتانی دەوروپشتی یوسف) زولەیخایە خێزانی عەزیزی میسر لەو کاتەدا [ئەمە ڕای ئیبن حەجەرە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-]. ولێکچوونەکە لەوەدایە کە زولەیخا بانگی هەندێک ئافرەتی کرد بۆئەوەی وا نیشان بدات ڕێزیان لێدەگرێت بە میوانداری بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوە بوو سەیری جوانی یوسف بکەن -علیه السلام- و بۆئەوەی ئەمە ببێتە هۆی بیانوو بۆ کردەوەکانی زولەیخا، عائیشە ڕوونی کردەوە کە مەبەستی لە دوورخستنەوەی باوکی لە پێشنوێژی کردن ئەوەیە کە نوێژخوێنەکان گوێیان لە قورئان خوێندنەکەی نابێت بەهۆی گریانەوە، ومەبەستی زیاتریشی هەبوو ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی بەهۆی ئەوەوە تووشی ڕەشبینی وبێ هیوایی نەبن، هەروەکو چۆن لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە کە دەڵێت: (هیچ شتێک وای لێم نەکرد کە هەوڵ بدەم قەناعەتی پێبکەم جگە لەوە نەبێت وا هەستم کرد لە دڵمدا کە خەڵکی هەرگیز حەز لە کەسێک نەکەن کە لە شوێنی ئەو بوەستێت -بۆ پێشنوێژی کردن-) [رواه البخاري].


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee